## ئەوانەی دژی ئازادین، شایانی ئازادی نین

**دەریا رەواندزی**

لەساڵی 1981 کاتێك پاپا ( John Paul )لەناو ئوتومبێلەکەی خۆی دەبێت، هەروەك لەم وێنەیەدا دیارە،



لەلایەن (محەمەد عەلی ئاخجە) کە بە رەگەز تورك بوو تەقەی لێکرا و بە سەختی برینداربوو.
بەڵام (پاپا) میهرەبانی و مەزنی خۆی بەوە سەلماند کاتێك بە پێی خۆی چوو بۆ دادگا بۆ ئەوەی سەردانی ئەم کوڕە بکات، بە بەرچاوی دادوەرەکانەوە مرۆڤ دۆستی خۆی نیشانی هەموو جیهاندا، کە بە (محەمەد)ی وت: کوڕم تۆ گەنجی، من تیرۆرست نیم، من ڕقم لە کوشتنە، من حەز بە ئازادی دەکەم، بۆیە تۆش ئازاد دەکەم.
ئەگەر سەیری وڵاتەکەی خۆمان بکەین دەبێنین تاکو ئێستا پێناسەیەکی عەقلانی بۆ ئازادی نەکراوە، تەنانەت تاکو ئێستا یاساو رێوشوێنی لۆژیکی بۆ دانەنراوە، هەر ئەمەش وایکردوە کە کەسانێك خۆیان وەك قارەمان و شەڕکەری ئازادی نیشان دەدەن، لە کاتێکدا دەبێنین چەندە بێ بەزەییانە دوور لەبەهای مرۆڤایەتی بە گوڵلە وەڵامی قەڵەمی ئازادو بوێر دەدەنەوە!.
ئەو جۆرە مرۆڤانەی خەونی ئازادی تاك دەکوژن، باکیان بەوە نییە، ئەگەر کۆمەڵگایەکیش ژهر خوارد بن بۆ مانەوەی خۆیان، زۆر بەلایانەوە ئاساییە هەموو پیرۆزییەکانی نیشتمان بفرۆشن بۆ ئەوەی خۆیان بەخۆشبەختی بژین، ئەگەر یاسایەك هەبێت ئەو جۆرە مرۆڤانە دەبێت لەنێوان چوار دیوار زیندانی بکرێن،

نەوەك باسی دادپەروەری و ئازادی بکەن و خەڵك گوێیان بۆ بگرێت.
دەمەوێت لەو سەرکردەو سەرۆکانەی هەرێمەکەی خۆمان بپرسم: ئەگەر کەسێك تەقەتان لێ بکات و ویستی کوشتنی ئێوەی هەبێت و دەستگیر بکرێت، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن؟ ئایا بۆ هەتایە چارەنوسی خانەوادەکەشی رەش ناکەن؟ ئایا رێگەی پێدەدەن جارێکی تر رۆشنایی ببینێتەوە، نەوەك ئازادی بکەن؟!
چەند کەس لەهەرێمەکەی ئێوە تێیدا سەرۆك و سەرکردەو حوکمڕانن بەهۆی وشەیەك تائێستا بێ سەرو شوێنە؟! چەند کەستان بەدیلی کوشت لەبەرەکانی شەڕ، کە هاوزمان و هاوئایین و هاونیشتمانی ئێوە بوون؟! بۆیە بیرتان نەچێت دەبێت کەسانێك باسی ئازادی بکەن میهرەبان و لێبوردە بن، بەڵام ئێوە نەمیهرەبانن بۆ میللەت، نە لێبوردن، چۆن دەتوانن باسی ئازادی بکەن؟!
لەکۆتایی من دەڵێم:
خەو بە نیشتمانەوە دەبینم، دڵم دەسوتێ، چاوم تەڕ بووە، لە ناخەوە هاواری دەبیستم، هەر دەنگی فیشەک دەبیستم، مرۆڤی ئازاد قەڵەمی ئازاد، وەک مەسیح، خوێنیان تێکەڵ بە باران دەبێت، دڵم وەک دڵی ژنانی ئەنفال دەسوتێ، ئەنفال لەبەر دەرگا دەست پێ دەکات، چەند دڕندە بوون، چەند بێبەزەیی و بێویژدان بوون!.